# قەیران لە کۆمەڵە و "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"

لەگەڵ ئاشکرا بوونی ناکۆکی لە ڕیزەکانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" و ڕێکخراوی کوردوستانی ئەم حیزبە "کۆمەڵە"، ئەمڕۆکە کەمتر کەسێک لە بزوتنەوەی چەپ دا لە بارودۆخی قەیراناوی و بوونی ناکۆکی سیاسی لەم ڕێکخراوەیە، بێ ئاگایە. هەر لەم پێوەندەدا لە ماوەیکی تا ڕادەیێک درێژخایەندا گەلێک نوسراوە لە بواری جۆراوجۆردا لە لایەن ئەندامان و ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوەدا بڵاو کرایەوە و برێک جاریش یەکتریان تاوانبار کردووە. بەڵام سەرەڕای ڕادەیکی زۆر لە ڕادەربڕین و هەڵوێستی جیاواز، هێشتا بابەتە جێ ناکۆکییەکان بە تواوەتی و ڕوونی لە تۆی پلاتفۆرمێکدا لە بەردەست بزووتنەوەدا دانەنراوە. سەرەڕای ئەمەش، هێشتا تەنانەت بۆ خەباتکارانی ناو ڕیزەکانی ئەم حیزبە بە تواوەتی ڕوون نەبوەتەوە کە هەریەک لە لایەنەکان لە سەر بابەتە سەرەکییەکانی بزووتنەوە، چ ڕا و بۆچونێکیان هەیە و بەرگریکاری چ هێڵێکی سیاسین، باس دەکرێت کە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوە لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا.

بۆ کەسێکی چاوەدێر لە دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە کە بەدواداچوونی ڕادەربڕینەکانی لە ساڵانی ڕابردوو کردووە، بوونی قەیران لەم ڕێکخراوەیەدا چتێکی سەیر نازانێ. چونکوو هەروا کە لە برێک نوسراوەی ڕێبەرایەتی و کادرەکانی ئەم حیزبە دیارە، دەسپێکی ناکۆکییەکان لە هێندێک چالاکی و هەڵوێست گردنەکانی کۆمەڵە لە کوردوستانی عێراق، سەرچاوەی گرتووە. بێ گومان کاروبار گەلێک وەکوو بەشداری چالاکانە لە "کۆمیتەی هاوکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" بە بەشداری ڕەوتگەلێک وەکوو "پارتی دیمۆکراتی کوردوستانی عێراق" (ڕەوتی دەسەڵاتداری بارزانی) وەکوو ڕەوتێک پێوەندییان لەگەڵ هێزە ئەمپریالیستەکان و پەیڕەوی کردنی سیاسەتەکانیان زۆرجار کاریگەری کارەسات باری لە هەر چوارپارچەی کوردوستان لە دژی چینە چەوساوەکانی گەلی کورد داناوە، بەشداری لە دانیشتنەکانی ناوەندی "کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەشی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەوانەیە ڕەوتی ئیسلامی "خەبات" لەل لایەن کۆمەڵەوە وەکوو ڕێکخراوی کورودوستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لە ئاخریشدا هەڵس و کەوتی سازشکارانەی ڕێبەرایەتی ئەم ڕێکخراوەیە لە "ئیدانە" نەکردنی هەوڵی برێک پارت و ڕێکخراوەی کوردی ئێران بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و ..... نەدەکرا برێک بابەت و قەیران لە نێوخۆی ڕێکخستنەکانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە"دا پێک نەهێنێت.

هەر لەم پێوەندییەدا سەلاح مازوجی لە ڕێبەرانی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" لە لایەنی بەرانبەری ئیبراهیم عەلیزادە ڕێبەری ڕێکخراوی کوردوستانی ئەم حیزبە، هەڵکەوتووە، وێڕای دژایەتی دەربڕینی خۆی لەگەڵ بەشداری کۆمەڵە لە کۆبوونەوەکانی "کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەش" لێکیداوەتەوەو کە کۆمیتەی ناوبراو لەخزمەتی مانەوەی کۆماری ئیسلامی دایە. دەقاودەقی وتەکانی ناوبراو بەم جۆرە هاتووە: "پێویستە بەشداری کۆمەڵە لە ناوەندی ژێر کاریگەری ڕێکخستنەکانی "ک.ن.ک" بە ناو "کۆمیتەی دیپلماسی هاوبەش" کە زیاتر لە ٣٠ حیزب و ڕەوتی ناسیونالیستی و ئیسلامی تێدا بەشدارن و لە بەیانییەکانیاندا دیارە لە خزمەت بە ستراتیژی مانەوەی کۆماری دا کار دەکەن و هیچ پێوندییێکیان بە بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ستەم دیتوو نییە، کۆتایی پێ بێت". (گێڕانەوە لە بابەتی (ڕەواڵەتی سیاسی قەیرانی دەرونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران"_ گەلاوێژی ١٣٩٩ بەرانبەر لەگەڵ ئاگوستی ٢٠٢٠). هەر لەم بابەتەدا هاتووە:"ناکۆکی لەسەر چۆنیەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ حیزبە ناسیۆنالیست و بورژواییەکان لە کوردوستان جارێکی دیکە لە کاتێکدا خۆی دەرخست کە هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە لە لایەن کۆمیتەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە مانگی گوڵانی ١٣٩٦دا چوونە پای بڵاو کردنەوەی ڕاگەیاندنی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوی خەبات بۆ تەحریمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و شوراکانی ئیسلامی شار و دێهات... هەروەها چوونە پای ڕاگەیاندنی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوێکی پەراوێزکەوتوو وەکوو سازمانی ئیسلامی خەبات، لە لایەن حیزبە ناسیۆنالیستەکانەوە بە سەر ڕێبەرایەتی کۆمەڵەدا (سەپا) بە ئاوڕدانەوەیکی سیاسی بۆ دواوە دەژمێردرێت. سەبارەت بە پێوەندی کۆمەڵە لەگەڵ (پ.ک.ک) و لقی ئیرانییەکەی (پژاک) هەر لەم نوسراوەیەدا بوونی ئەم پێوەندییە بە زەرەری کۆمەڵە ناوبراوە و گوتراوە کە: "ڕێبەرایەتی پ.ک.ک بارها لە زمانی خۆیەوە یان لە زمانی هاوسەرۆکی (ک.ن.ک) یان وتەبێژانی "پژاک"ەوە وتراوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان (مەبەست کوردوستانی ئێران)ە دەبێت هەوڵ بدرێت کە بابەتی کورد لە ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای سیاسی و دێمۆکراسیی چارەسەر بکرێت. پژاک (پارتی ژیانی ئازادی کوردوستان) وەک "لقی کوردوستانی ئێران"ی (ک.ج.ک) یا پ.ک.ک سالیانێکە هەر لەم پێوەندییەدا کار دەکات. پەژاک لە کاتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا کە میکانیسمێکە بۆ ڕەوایی دان بە درێژەی دەسەڵاتدارێتی ئەم ڕژیمە، بە کردەوە و بە هاندانی خەڵک بۆ بەشداری لە ئەم شانۆگەرییە، لە ڕاستای ڕا و بۆچوونی ئیسلاح تەڵەبەکانی حکومەتدا کاری کردووە و بۆ ئەم هەڵبژاردنانە بازارگەرمی کردووە. کادرەکانی ڕێبەرایەتی پەژاکیش هەتا ئێستا چەندها جار بە گەورەتر نیشاندانی مەترسی بە سوریە بوونی ئێران،

خەڵکیان لە سەرەوژێر کردنی کۆماری ئیسلامی ترساندووە و ڕێگای دیالۆگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان مەوعیزە کردووە." (لە هەمان نوسراوەدا هاتووە).

عەباس مەنسورانیش لە نوسراوەی "جیاوازییەکان یان ناکۆکییە سیاسییەکان! لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ڕێکخراوی کوردوستانەکەی "کۆمەڵە"، بە ئاماژە کردن بە وتاری ئیبراهیم عەلیزادە لە ڕۆژی ٢٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٨ بە بۆنەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە، باس کراوە کە لەم وتارەدا بۆ بە دەست هێنانی دڵی حیزبە سیاسیە ڕاستەکانی کوردوستان دوو بابەتی ستراتێژیکی "دەسەڵاتداریتی سیاسی لە کوردوستان و هێزە چەکدارەکانی پێشمەرگە لە داهاتووی کورودوستان" ئاماژەی پێ کراوە کە ئەوەی کە وتراوە "پەیڕەو و پرۆگرام و ئامانجە کۆمۆنیستییەکانی حیزب و کۆمەڵەی (هەر لەوێ) لەبەرچاو نەگرتووە و زۆرتر لەگەڵ "بەرەی کوردوستانی" ڕەچاوی کاک ئیبراهیم عەلیزادە یەک دەگرێتەوە.

لە هەڵس و کەوت لەگەڵ ڕاستییەکانی قەیران و دروست بوونی لایەنگەلێک لە ناو ڕێکخستنی "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە"، چ چالاکانی ئەم ڕەوتە سیاسییە و چ چالاکانێک کە لە ڕابردوودا کاریان لەگەڵ کردوون و دوایی لەم حیزبە چوونەتە دەرێ و هەروەها زۆرێک لەوانەی کە ئێستا ساڵهایە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەدا چالاکن، لە پێوەند لەگەڵ ئەم قەیرانە کە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابوونەوە لە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا، قسەیان کردووە و ڕای خۆیان دەربڕیوە. هەڵوێست گەلێک کە جارجار بە شێوەی نابەرپرسانە و لە ڕاستای ئامانجی بەرتەسک دا، هانی هەردوولایەن دەدەن بۆ جیابوونەوە و بێ سەرنج دان بە بەرژەوەندی بزوتنەوە و بە بێ پرنسیبی تواوەوە هەوڵ دەدەن ناکۆکی نێوان هەردوو لایەنی پێک هاتووی ئەم حیزبە، ئاڵۆزتر بکەن.

یەکێک لەو ڕێکخراوانەی کە هێزەکانی نێو "حیزبی کۆمۆنیستی ئێرن و کۆمەڵە" هان دەدەن بۆ جیابوونەوە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری_ حێکمەتیستە. حێکمەتیستەکان بە بێ سەرنج دانە بەرژەوەندی و پێویستییەکانی بزوتنەوەی گەلی کورد و خەڵک لەم بارودۆخەی ئێستادا لە تەنووری قەیرانی ناوخۆیی کۆمەڵەدا، شێلگیرانە خەریکن بەنزین بە سەر ئاگردا دەکەن، ئەویش بۆ دروست کردنی نانی گلاوی خۆیان. ئەمانە هەتا ئەو جێگایە چوونەتە پێش کە بەولایەنەی کە بە "چەپ"ی دەزانن، دەڵێن کە دەبێت جیا ببنەوە و بچنە نێو سازمانە کۆمۆنیستەکانەوە". (ئازەر ماجێدی _ ئۆستالژی کۆمەڵە "کۆمەڵەی کۆمۆنیست" دەرفەتی مێژوویی لە کیس چوو) بە بێ ئەوەی کە لە ئەساسدا بۆیان گرینگ بێت کە ئەم کارە قەرارە چ گرفتێک لە سەر شانی بزووتنەوەکە لا دەبات.

هەڵس و کەوتی حێکمەتیستەکان، نە هەڵکەوت، بەڵکوو درێژەی لۆژیکی هەر ئەو بیرۆکەیە و پرۆژە کاولکارانەیە کە جەماعەتی مەنسور حکمەت (ڕێبەری فکری ئەم حیزبە)یە کە ساڵەکانی ٦٠دا لە مەحفێلی سەهەندەوە بۆ کۆمەڵەی بە سەوقات هێنا، و بە پێک هێنانی حیزبێک کە بە شێوەیکی غەیری ئوسولی ناوی حیزبی کۆمۆنیستی لێ نا و بە فەرمی ناسینی ناسیونالیزمی کۆمەڵە و دانی مافی تایبەت پێ و کەڵک ئاوەژوو لە هێزی بەربلاوی کۆمەڵە لە ناو خەڵک، لە پرۆسەییێکدا لەتمەی کارەساتباری  لە کۆمەڵە و بزوتنەوەی گەلی کورد دا و بووە هۆی جیابوونەوە و بێ هیوایی و بڵاوە پێ کردنێکی بەربلاو لە هێزە ساق و شۆڕشگێڕەکانی نێو ڕیزەکانی کۆمەلەی ئەو کات. ئەمڕۆکە هەر ئەو بیرۆکە لار و لوێرە لە لایەن حیزبە کاغەزییەکانی پەیڕەوی مەنسوور حیکمەت لە هەوڵی ئەوەدان بۆ دابەش کردنی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە) و بە لاڕێدا بردنی هێزی خەباتکارانەی هێزە سادقەکانی ئەم هێزە سیاسیە لە ڕەوتی ئەم قەیرانە، بە ئاشکرا خۆی نیشان دەدا.

بە دڵنیاییەوەو، جیابوونەوە و لێکترازان لە حیزبە ساسییەکان دا خۆی لە خۆیدا چتێکی خراپ نییە، بەڵکوو دەبێت هەروەک هەموو بابەتێکی دیکە بە سەرنج دان بە بارودۆخێک کە تێدا ڕوو دەدات و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی خەبات و شۆڕش و بزووتنەوە جەماوەرییەکان، لێکبدرێتەوە. هەر بەم بۆنەوە پێویستە لە کاتی قەیران و دووبەرەکی لە نێو ڕێکخراوەوە سیاسیەکان و بە تایبەت ڕێکخراوە چەپەکاندا، هەردوو لایەن بنەمای بیرۆکەکانی خۆیان و هۆکاری سەرەکی ناکۆکی و قەیران ڕوون بکەنەوە و بە شێوەی پلاتفۆرمێکی دیاری کراو بینوسن تا ئەگەر جیابوونەوە بوو بە ئەمری واقیع، لە دەرەجەی یەکەمدا هێزەکانی ئەو ڕێکخراوە و جەماوەری لایەنگری بتوانن هەڵوێست بگرن و لایەنی نزیک بە بیرۆکەی خۆیان هەڵبژێرن.

لە لاییکی دیکەوە، جیابوونەوە کاتێک مانای شۆڕشگێڕانە پەیدا دەکات کە ئەم جیابوونەوە لە خزمەت بەرگری لە بنەما شۆڕشگێڕانەکان و هێڵی شۆڕشدا بێت و بکەوێتە خزمەت ئاسانکاری و ڕێگە خۆش کردنی ڕێگای گەشە کردنی بزووتنەوەکە. ئەزموونی ئەو جیابوونەوە بێ بنەما سەرەکییانەی کە تێیاندا هۆکاری ڕاستەقینەی جیابوونەوە و ئەوەی کە هەر لایەنێک چ هەڵوێست و بەرنامەیکی پێ باشە، بە شێوەی ڕوون و ئاشکرا لە بەردەستی هێزەکانی ڕێکخراوی دیاری کراو دانەنراوە، ئەوەمان پێ نیشان دەدەن کە کاریگەری خراپ لەسەر بزوتنەوە دادەنێن و ناتوانن ببنە هۆی بەهێزتر کردنی بزوتنەوەیک کە ئەو ڕێکخراوە تێدا بەشدارە. هەر بەم بۆنەوە هێزە شۆڕشگێڕ و بەرپرسەکان لە نێو ڕێکخراوەکاندا دەبێت کاتێک کۆڵ بە جیابوونەوە بدەن کە ئەو لێکترازانە لە ڕاستیدا ببێتە هۆی گەشە و هەڵکشانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە.

بێ گومان داهاتوو ئەوەمان پێ نیشان دەدات کە هێزە خەباتکارەکانی نێو کۆمەڵە تێدەکۆشن بە خەبات و هەوڵدانی خۆیان بەو ئاکامە بگەن و هەست بە بەرپرسیارەتی خۆیان بەرانبەر بە داخوازی گەلی چەوساوەی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس و ئازادی لە چنگ ئەمپریالیستەکان و ڕزگاری لە هەموو چەشنە زوڵمێکی ئەمپریالیستی نیشان بدەن، ئەو هێزەی کە باوڕیان هەیە بە لەناو بردنی کۆماری ئیسلامی وەکوو دوژمنی سوێند خواردووی کرێکاران و سەرجەم گەلانی چەوساوەی ئێران و ناوچەکە، و تا چ ئاستێک دەتوانن بە دیاریکردنین هێڵ  و سنووری ڕاستەقینەی جیاوازییەکانی نێوخۆیی خۆیان لە پراتیکدا، دەتوانن بە بنەما سەرەکییە ناسراوەکان لەم بوارەدا وفادار بن و بەو ئاکامە بگەن.

***چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران***

***۷ی ڕەزبەر ۱۳۹۹ _ ۲۸ی سێپتامبر ۲۰۲۰***